# کورتە باسێك لە ژیاننامەی مامۆستا (ڕەمەزان شكور) رەحمەتی خوای لێبێت

**ناوی تەواوی/** رمضان شكور حسین محمد

**هۆزەكەی/** هۆزی جەباری

**كونیەی/** (أبو زبیر) چونكە زوبەیر كوڕی گەورەی بوو.

**لە دایك بووی:** ١٨/ ٨/ ١٩٧٦ لە مانگی رەمەزانی ساڵی ١٣٩٦ هجری.

**پەروەردە و گەشەكردنی/** لە خێزانێكی هەژار و رەنجبەردا چاوی بە دونیا هەڵهێنا، خێزانێكی موسڵمان و كاسب، لە شاری كەركوك لە گەڕەكی شۆرجە گەورە بوو تێیدا تاوەكو دەستی داری گرت، ئەویش وەك برایانی تری شانی دا بە كرێكاری كردن بۆ پەیداكردنی پاروی ژیان.

**سیفاتی لاشەیی/** پیاوێكی باڵابەرز بوو، دەنگێكی زوڵاڵی هەبوو، ریشێ چڕو پڕێ رەشی هەبوو.

پێستی سپی، لاشەیەكی گەورە، توكمە و دامەزراو، خاوەنی هێزێكی لاشەیی دەگمەن بوو، دوو چاوی گەورەی پێوە بوو.

**ئاكار و رەوشتی/** پیاوێكی خۆبەگەم زان، دەس بڵاو، لێ بوردە، بە بەزەیی، پەیوەندی خزمایەتی ئەگەیاند، چاكەكار لە گەڵ دایك و باوكیدا، چاكەكار لە گەڵ ماڵ و منداڵیدا، دڵ نەرم، خۆی بۆ نەئەگیرا لە گریان لە كاتی قورئان خوێندندا، نەرم و نیان لە گەڵ دەوروبەریدا، هەق بێژ، ئازاو بەجەرگ، سووربوو لەسەر چاكەكردن، بە بەزەیی تەنانەت لە گەڵ گیاندارانیشدا، زۆر بێ دەنگ ئەبوو، بە وەفا، جیدی لە كارەكانیدا، ژیر، زوو لە باسەكان تێ ئەگەیشت، خودای گەورە دڵی خەڵكی بۆ نەرم كردبوو چ لە وەرگرتنی دەعوەكەی، چ لەوەی هەركەسی هان بدایە بۆ صەدەقە یەكسەر بە قسەی ئەكرد.

بەكورتی جوانترین ئاكاری و رەوشتی تێدا كۆ ببوەوە. ئەتوانی بڵێی: ئومەتێك بوو لە پیاوێكدا.

**هیدایەت وەرگرتنی/** بە فەزڵ و مننەتی پەروەردگار لە دوای بڵاوبونەوەی بانگەوازی یەكخواپەرستی لە شاری كەركوك، كە زۆر غەریب و نامۆ بوو لە ساڵی (١٤١٦)ی كۆچی (١٩٩٦)، بانگەوازی هەقی ناسی لە رێگەی چەند برایەك، كە لەوە پێش هیدایەتیان وەرگرتبوو.

**تێكۆشان و زەحمەتكێشانی بۆ دابین كردنی ژیانی/** رەحمەتی خوای لێبێت خەریكی كرێكاری بوو، وەك بلۆك باركردن و حەماڵی و كاری بیناسازی. هەردەم بە جوانی كارەكانی خۆی ئەنجام ئەدا.

**خێزانی**/ مامۆستا دایك و باوکی ماوە و پێنج براو چوار خوشکی هەیە.

هەروەها سێ ژنی هێنابوو لە دوای خۆی دوو خێزانی بە جێ هێشتبوو، لە گەڵ شەش منداڵ کە چواریان کوڕن (زبیر، عبداللطیف، داود، موسی) ئەوانی تر کچن (خدیجة و زهراء) .

**هەوڵ و کۆششی بۆ بە دەستهێنانی زانستی شەرعی**/ مامۆستا ...خاوەنی هیمەتێکی بڵند بوو لە فێربوونی عیلمی شەرعیدا.

لە سەرەتادا هەوڵی تەرخان کردبوو بۆ فێربوونی قورئانی پیرۆز...تاوەکو شارەزایەکی باشی پەیدا کرد.

هەروەها هەندێك زانستی سەرەتایی فێربوو دەربارەی (تەوحید و سوننەت). هەروەها شارەزای دیاردە شیرکی و بیدعەکان بوو، کە لە ناوخەڵکیدا بەربڵاوبون.

**مامۆستاکانی:**

١- مامۆستا مەلا (عبداللّٰه)ی تەپەلو، قورئانی لا خوێند.

٢- مامۆستا ابراهیم مەلا عمر (عەقیدە و فیقھ و لەبەرکردنی قورئان و فرائض و نحو) لا خوێند.

٣- مامۆستا مەلا جمعە علی ( فیقھ، نحو ، اصول الفقە، عەقیدە، اصول الحدیث، الصرف).

٤- مامۆستا د.عبداللطیف أحمد ، هەندێك لە کتێبی (المسند الصحیح مما لیس فی الصحیحین).

٥- مامۆستا موفق أبو حمزة هەندێك لە کتێبی (زاد المعاد).

٦- مامۆستا سعدون علم التجوید.

٧- مامۆستا ابراهیم محمد حسن ، البلاغة و المنطق.

٨- مامۆستا ریبوار محمد احمد (علوم القران).

لە گەڵ ئەوەی کە خوێنکار بوو لە (پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان) هەروەها ووتار خوێن و پێش نوێژو خاوەنی ئیجازەی زانستی بوو.

**قوتابییەکانی**/ مامۆستا قوتابیەکی زۆری هەبوو کە ناژمێردرێن لە ریگای وتارو دەرس و ئامۆژگارییەکانیدا، هەروەها کۆمەڵێك لە قوتابی فێرخوازی شەرعی دەرسیان دەخوێند لای.

**بانگەوازییەکەی**/ دەرس و وتارەکانی لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بڵاو بووەوە، کە بوو بە هۆی هیدایەتی خەڵکانێکی زۆر.

**مردنی مامۆستا:**

له ٢٩/ ١/ ٢٠١٣ ڕۆژی سێ شەممه کات ژمێر (٩:٤٥) خولەك له کاتی گەڕانەوەیدا له (پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان) له(چیمەن) له سەر ڕێگای سەرەکی سلێمانی کەرکوك له لایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە تەقەی لێ کراو له ئەنجامدا مامۆستای بەڕێز گیانی له دەستدا. داواکارین له خوای گەورە بە شەهیدی قبولْ بکات و بەهەشتی به نسیب بکات.

**له بڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئاشتی**

www.ashtyk.com